# من هیچ ناڵێم خۆت دەیبینی!!

به بۆنەی هاتنی یەکی ئایارەوە

جەمال شەریف
jamal_akar@hotmail.com

لەوڕۆژەوەی گوڵی باخت سیس بوەتەوە .دونیا پڕ لە بۆنی باروت بووە لەو ڕۆژەوەی دەنگی زوڵاڵت کپ بوەتەوە ئاوازی شەڕ کوچە و کۆڵانەکان ، باخچەی ساوایان ، لوتکەی شاخەکان ، قوڵای دەریاکان ، پانتایی بیابانەکان و تەنانەت نێوان ئەستێرەکانیش دەهەژێنێ . لەوڕۆژەوەی (مانیفێستتت) لەنێو کتێبخانەکەتدا بێناز بووە ،فەقێی ئەشکەوتەی (حەڕڕا) تازە بە تازە سەردەردێنێ و وەک زانای سەردەم خۆی دەناسێنێ . لەوڕۆژەوەی شۆرشی (ئۆکتۆبەر) یان لێ دزیت و خۆیان کردە میراتگری ، درندەی ئەم دەورەیە بەتازەترین سیستەمی نەخشە بۆکەشراوەوە ، بە بەرگی دیموکراسی یەوە ، بەڕەنگی لایەنگری مافەکانی مرۆڤەوە . پڕبەگەروی ئەنەڕێنێ (( منم خاوەن گەورەترین جبەخانەی ئەم دونیایە ، بۆیە ئێستا پاڵێوراوی فەرمان ڕەوای گۆی زەویم و مل کەچ بوونی هەمووتانم پێ ڕەوایە)) .

من هیچ ناڵێم خۆت دەیبینی .نەزمی نوێیە هەمان پەیامە ڕیسواکراوەکەی ( هیتلەر)ی پێ یە . لەپێناوی ڕاگەیشتن بەو ئامانجەی دەست بەکارە ، گەر بۆی بلوێ شەڕ لەدوای شەڕ بەرنامەڕێژی کردوە . دەڤەرە وێران کراوەکان ، دوای هەڵمەتە ملهوریەکان دەنێتە ژێر ڕەحمەتی ئایەتوڵا و سەرۆک خێڵەکانی پاشماوەی کۆنترێن یاسای کۆمەڵایەتی ، لەژێر چەتری تازەترین نەزمی ئەمریکای.

لەوڕۆژەوەی دەسەڵاتت لێ سەنراوە ، بەم شکستەکاتیەی تۆ تەپڵی سەرکەوتنیان کوتا ، هەموو هێزو توانای خۆیان وەگەڕناوە ،پەرە پەرەی پەڕتوکی خواوەندەکانیشیان هێناو پێیان ووتین (( ئەوەتانێ لەوێشدا هەروا نوسراوە {کۆیلە بوونی ئینسانەکان بۆ بەرژەوەندی خوا پێداوەکان یاسایەکی تا هەتا یە . کۆمۆنیزم باوەڕێکی نادروست و دژی خوایە ،بۆ خۆی مرد و ئێمەش لە نێو گۆڕمان ناوە} وتنەوەی ئەم قەوانە لە زاری بیرمەندەلێزانەکانیانەوە لە سەکۆی کلێساکان و منبەری مزگەوتەکانیانەوە ڕازاندنەوە

وەزل کردنەوەی گشت ئەمانە لە دەزگای ڕاگەیاندنی موچە خۆرەکانیانەوە بۆمانەوەی دەسەڵاتی ( دارستان) ی بوەتە پێویستیەکی ڕۆژانە بەڵێ ئیدی لەو ڕۆژەوە حوکمی ڕەشی سود پەرستی چەپۆکی زیاتر بۆ جەستەمان دەهاوێژێ و ئاوازێکی وەڕەس هێنەر بە گوێچکەماندا دەبێژێ ،من هیچ ناڵیم خۆت دەیبینی، برسێتی ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر نەخۆشی سەیر و سەمەرەتر ، دونیایەکی خوێناوی تر نمایشی پێدراوە .

سەردەمێکە کارت تەنها وەگەڕخستنی ئامێرەکان و زیادکردنی بەرهەمە، ئەم بەرهەمە بێ سنورە کە ئەبوایە بە تەرازوی یەکسانی تۆدا بەش بکرێت ، بە هۆی گیرۆدە بونی لە نێو مەنگەنەی

یاسای ( بەرهەمی زۆر بۆ قازانجی زۆر ) کەمایەتی بەهرەمەندە و زۆرینە لێی بێ بەش دەکرێ. من هیچ ناڵێم خۆت دەیبینی دەسکەوتەکانی ڕابوردوت کە ڕەونەقی بە ژیان ئەداو سەروەری مرۆڤی ئەنەخشاند، هێواش هێواش لە دەست ئەچێ و بزەی سەر لێوی منداڵان ئەتۆرینێ ، ئەم نەزمە پڕ مەینەتی یە نە تەنیا بەژیانی مرۆڤایەتی ناتەبایە ، بەم گەردونە فراوانە و ئاو و هەواکەی نامۆیە زیاد کردنی بەرهەم هێنانی چەکی ئەتۆمی و گازی کوشندەو هاوشێوەکانی بەردانی ئەم موسیبەتانە لە گیانی مرۆڤ ، جگە لەوەی تۆفانی مەرگ دەبارێنێ ژینگەی هێندە پیس کردوە بەرگی هەوای دەوروبەرمان ئاڵۆزاوە و توێژاڵی ( ئۆزۆن ) کونی تێ بووە . پلەی گەرمی گۆی زەویمان بەرەو بەرزی هەڵکشاوە ، کارەساتی زۆر ترسناک بەدی دینێ ، لە قوڵایی ئۆقیانوسی هندیەوە ناخی زەوی دەهەژێنێ ،ناوچەکانی دەوروبەری وەک ( هێرۆشیما ) ی نێچیری تیشکی ئەتۆم و ( هەڵەبجە ) ی ژێر پەڵە هەوری گازی کوشندە بەسەر دێنێ. دەوەرەوە نێو ڕەوەندی دەسەڵات و یاساکانی کرێکاری داڕێژەوە ، بزانە چۆن منداڵانی بێ ناز کراو ، ژنانی لە مرۆڤ کەمتر حساب کراو ، پیر و پەککەوتەکانی پشت گوێ خراو ، ئاڵودەکانی دەستی مادەسڕکەرەکان و مەزهەبەکان ، عاشقانی ژوان لێ قەدەغەکراوەکان ، ئۆردوی گەورەی برسیەکان پێویستیان بەخرۆشانی هێزی تۆیە ، کەئیرادەی زەوت کراوی ئنسانەکان بێنێتەوە . دواهەمین شەڕی سەروماڵیت وەڕێ خەیت و ڕەگ و ڕیشەی شەڕخوازەکان دەربهێنی ، ئاگری شەڕ بەیەگجاری بکوژێتەوە ئامێرەکانی کاولکاری هەڵوەشێنەوە و برینی جەستەی مرۆڤ و بەرگی دڕاوی ئەستێرەکان بدورەوە ، بەرهەم هێنانی چەکی کۆکوژ بوەستێنەوە و تای بەرزەوەبوی زەوی سارد کەرەوە ، من هیچ ناڵێم خۆت بینیوتە لە هەرشوێن و هەر سەردەمێ هێزت ڕێکخراو کردبێ دونیایەکی لەوە باشتر ئەبەیتەوە .

10.04.2005